هەڤاڵ و ئۆتۆمبێل

هەڤاڵ کوڕێکی ١٢ساڵان بوو. زۆر زیرەك و لێهاتوو بوو، بەڵام کەمێك سەرکێش بوو. ڕۆژێك لەگەڵ ماڵی مامیدا چوون بۆ سەیران. هەمووان بە ئۆتۆمبێلەکەی باوکی هەڤاڵ و بە دەم گۆرانی و چەپڵە لێدانەوە ڕۆیشتن.
پاش نیوەڕۆکەی لە کاتێکدا هەڤاڵ و زانای ئامۆزای یاریان دەکرد، تەماشایان کرد کۆمەڵێك کوڕی وەکو خۆیان ئۆتۆمبێلێکان پێیەو لێیدەخوڕن. زانا بە هەڤاڵی وت: هەڤاڵ ئەها ئەوانە ئۆتۆمبیلیان پێیەو لێیدەخوڕن، تۆش بڕۆ ئۆتۆمبیلەکەی باوکت بهێنە با لێی خوڕین. هەڤاڵ بە قسەی کردو بێ ئەوەی بە باوکی بڵێت سویچەکەی هێناو ئۆتۆمبێلەکەی ئیشپێکردو لەگەڵ زانادا کەوتنە ڕێ.

لە کاتێکدا کە بە خێرایی دەڕۆیشتن، منداڵێك بە پرتاو رایکردە بەردەمیان.
هەڤاڵ زۆر شڵەژاو بە خێرایی پێچی کردەوەو ئۆتۆمبێلەکە کەوتە ناو شیوێکەوە.
خۆیان ئازاریان نەبوو، بەڵام ئۆتۆمبیلەکە زیانیشی پێگەیشت و قوراویش بوو.
کەسوکاری هەڤاڵ خێرا گەیشتنە لایان. سەرەتا زۆر دڵتەنگ بوون، بەڵام دواتر کە بینیان کوڕەکان بێ وەین، کەمێك ئارام بوونەوە. هەرچەندە کەس سەرکۆنەی هەڤاڵی نەکرد، بەڵام هەڤاڵ ئەوەندە دڵگران بوو بڕیاریدا تا نەگاتە تەمەنی هەژدە ساڵی و مۆڵەتی شۆفێری دەرنەکات، ئۆتۆمبێل لێنەخوڕێت.

ڕابەر عەبدوڵا نەجمەدین